www.kurdistannet.org
14-11-2005 14:15 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا



KURDISTAN FREDS FORENING
KOMELEYA A□TÎYA KURDISTANÊ

# کۆمەڵەیی ئاشتی کوردستان

## جمعیة السلام الکوردستانیة

---

## بۆپێشەوە خەباتی دیموکراسیانە وئاشتیانە وە نەفرەت لە تیرۆر وشەرخوازان

بۆ //
ڕێکخراوەکان وکۆمەڵکانی ماقی مرۆڤ وئاشتی پەروەر لەجیهان
کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان
پارت ورێکخراو وکۆمەڵە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی کوردستان
پەرلەمان وحوکمەتی باشوری کوردستان وسەرکردایەتی پارتە کوردستانیەکانی لەهەموو پارچەکانی کوردستان
بابەت// بانگەواز وپشتگیری

ئێمە وەك کومەڵەیی ئاشتی کوردستان لە نەرویج تەواوی پشتگیری خۆمان رادەگەیێنین بو خەبات وخوپێشاندانەکانی ئاشتیانەو دیموکراتیانەیی گەلی کوردمان لە باکوری کوردستان لەشاری دیار بەکر (ئامەد) وەشارەکانی تری کوردستان وەزۆر بەتوندی ئیدانەیی تێرۆری دەوڵەتی تورکیا دەکەین دژ بە گەلی کوردی سفیل وەوەك ئاشکرایە بوو هەمووجیهان کە تورکیا سیایەتێکی نادیمورکاتی و شەرخوازانە دژ بەگەلانی کوردستان بەکاردێنیت وە لە چەند ڕۆژی رابردودا هیزەکانی ئیستخباراتی تورکیا لە شاری شەمزینان مینیان چاندبوو و هەولی تیرۆرکردنی وەلات پارێزێکی کوردیان دابوو کەبووە هۆیی هەڵوَیست وەرگرتن وەخۆپێشاندانی هێمنانەیی گەلی کورد مان لەوشارە وەتوند وتیژی دەولەتی تورکیا بوە هۆیی تەشەنەکردنی خوپێشاندانەکان بو شارەکانی تری کوردستان وشتێکی ئاشکرایە کە چەوساندنی گەلان ناکرێت بەردەوامبێت وەهەموو گەلانی ماقی رەوایی خۆیانە کەبەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن، بۆیە ئێمە لەم کاتەدا پیشتگیری لەم خەباتە رەوایە دەکەین وەلەهەمان کاتدا داوا لەهەموو جیهان وبەتایبەت رێکخراوە جیهانی کان وەك نەتەوە یەکگرتووەکان ویەکێتی ئەورۆپا وە رێکخراوەکانی ماقی مرۆڤ لەجیهان وە لەگەلانی کوردستان وەپەرلەمان وحوکمەتی هەرێمی کوردستان وپارت ورێکخراوە سیاسیە کوردستانیەکان وەرۆشەنبیران ونوسەران دەکەین کەچیتر بێ دەنگ نەمێنن وە هەڵوێست وەربگرن بەرامبەر ئەم سیاسەتەی تورکیا کە هەر لەسەرەتایی دامەزراندنی تورکیاوە وەتاکۆ ئەمرۆ وەلەبەرچاوی ئەم جیهانە سیاسەتی ئینکار وتوقاندن

وگوشتن وبرین وسوتاندن ولەناوبردن بەکاردێنیت وەگەلی کوردمان لە سادەترین مافەکانی بێ بەش دەکات، وەبەمەلیونەها کورد دەربەدەر بووە وزیندانەکان وموترۆپۆلەکانی تورکیا پر بووە لە گەلی کورد وهەزاران کورد کورد بوونەتە قوربانی سیاسەتی داگیرکەرانە یی تورکیا.

ئەمرۆ رۆژی هەڵوێست وەرگرتنە رۆژی پێشتگیری کردنە لە خەباتی ئاشتیانە ودیموکراتیانەی گەلانی کوردستانە، وەبێ دەنگی نیشانەیی بێ دەنگی یە لە مەر پێشێلکردنی مافەکان مرۆڤ وئازادی گەلان. و داوا لەهەموو رێکخراوە کانی مرۆڤ دۆست وئاشتی خوازی جیهانی وکوردستانی وپارت وحوکمەتەکان وهەموو جیهان دەکەین کە هەوڵی راگرتنی ئەوشاڵاناوەی رژێمی تورکیا دژ بەگەلی کورد بدەن وە پشتگیری لەماڤە رەواکانی گەلی کورد وچارەسەرێکێ راستەقینە ودیموکراسیانە بۆ کێشەی بکەن.

سلاو لە گیانی شەهیدانی راپەرین وخۆپێشاندانەکانەکانی گەلانی کوردستان وتەواوی شەهیدانی ڕێگایی ڕزگاری وئازادی ودیموکراسیەت.

سلاوی خۆ ڕاگری بوهەموو زیندانیە سیاسەکان وخوپێشاندەرەکان.

نەفرەت ورۆ رەشی وشکست بۆ شەرخواز وداگیرکەرەکان.

سەرکەوتن بۆ راپەرین وخۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستان

سەرکەوتن بۆ ئاشتی وئازادی ودیموکراسیەت وگەلانی ئازادی خواز

بێکەس بەرواری
سکرتێری کۆمەڵەی ئاشتی کوردستان لەنەرویج
13 .11 .2005

/ نۆروێژ /

---

Kurdistan Freds Forening i S□r Tr□ndelag
Postboks: 272 7402 Trondheim
Telefaxf. nr:- 0047 73918558. Mobil:-0047 45603941
bekesmayn@yahoo. no